# شین

# ملوانکەی

## شەریف

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

================================

ناوی کتێب: ملوانکەی شین
بابەت : شێعر
شاعیر: حسەین شەریف پەناهی (شەریف)
ساڵی چاپ: ٢٠٠٤
نۆبەی چاپ: هەوەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ملوانکەی شین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەشێک لە شێعرەکانی

# شەریف

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشکەشە بە تۆ:
کە هەوەڵ جار فێری خوێندن و
نووسینی کوردیت کردم.

**شریف ـ ح**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەکی ........................................................................................ ٨
دیل ............................................................................................ ١١
نامەیەک بۆ فەلەستین ................................................................ ١٢
یادێ................................................................................................ ١٤
قوتابخانە ...................................................................................... ١٦
نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران ........................................................... ٢٤
ئامانجی قەڵەم.................................................................................. ٢٦
بۆ گۆران........................................................................................ ٢٨
کۆچ ............................................................................................. ٢٩
رووبار ........................................................................................... ٣٢
تەنیا ............................................................................................. ٣٦
ژار ................................................................................................ ٣٨
دێ.................................................................................................. ٣٩
بگری ............................................................................................ ٤٣
فەلسەفەی گەردوون......................................................................... ٤٥
هەڵاڵە.............................................................................................. ٤٧
هەنسک و فرمێسک ......................................................................... ٥١
لانەی بایەقووش............................................................................... ٥٥
وێنە ............................................................................................... ٦١
پەپوولەی خەیاڵ................................................................................ ٦٥
بادە ................................................................................................ ٦٨
خێراب.............................................................................................. ٦٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زرێبار ..................................................................................... ٧٠
خوداتان لە گەڵ.......................................................................... ٧٣
ملوانکەی شین ........................................................................... ٧٤
شوان ...................................................................................... ٨١
نیگارێ ..................................................................................... ٨٣
چوارێنە ................................................................................... ٨٥
تابووتی سوور ............................................................................ ٨٨
خاک و خۆر ............................................................................. ٨٩
شینی مامۆستا هەژار...................................................................... ٩٢
پەری شێعر................................................................................ ٩٥
سازی ئاوارە.............................................................................. ١٠٠
کۆچ ..................................................................................... ١٠١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

یەکەم جار لە بەزمێکی شاعیرانی مەهاباددا ناسیم و شێعریم بیست و خۆشم ویست.

دوایەش بۆ رەخنە لێگرتن زۆربەی شێعرەکانی بۆ خوێندمەوە. بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم خۆشم لێ هاتن و بۆنی شێعرم لێ کردن.

خەیاڵی ناسک و هەستی هونەرمەندانە و مەزموونی شاعیرانەم تێدا بەدی کرد.

هەر کەسە جۆرە بۆچوونێکی لە شێعردا هەیە. من زیاتر لە خەیاڵی ناسک و مەزموونی ورد و نوێ دەگەڕێم، تا رواڵەتی جوان و رازاوە و کێش و قافیەی سەیر و سەمەرە، یا باشتر بڵێم شێعرم لە نەزم خۆشتر دەوێ.

شێعرێکم پێ باشترە کە لە دڵەوە هەڵقوڵێ و بە دڵەوە بنووسێ. بەشی زۆری شێعرەکانی «شەریف» وان. سۆز و عاتیفە و کوڵ و کۆی دەروونی خۆنی. هەستی خوێنەر یا گوێگر دەبزوێنن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵەتی شاعیر لە کاتی نووسینی شـێعرەکەیدا لــە پیــاوی ورد دەگەیەنن.

بە بڕوای من ئەگەر ئەم شاعیرە زیاتر خۆماندوو بکا و پتر هەوڵ بدا، شاعیرێکی نەک باش، بەڵکوو گەورەشی لێ پەیدا دەبێ.

هونەر سنووری بۆ نییە، هــیچ هونەرمەنــدێک نەگەیشــتووەتە دوندی هونەر و ناشگاتێ، بەڵام هــی وا هەیــە زۆر بــەرەو ژوور دەچن.

وەک تێگەیشتووم شەریف دەزانێ تازە وردە هەنگاو بەرەو مەنزڵ هەڵدێنێتەوە بۆیە بە هیوام زۆر بەرەو ژوور بچێ.

وا هەست دەکەم شەریف وەک من لەو بڕوایە دایە کە شێعر کۆن و نوێی نییە و باش و خراپی هەیە. نەزم نــە بــە وشــەی جــوان و وەزنی سەنگین و قافیەی گران دبێتەوە شێعر، و شێعریش نە بە وشەی ساکار و کێشی سووک و لــە کــار نــەهێنانی قافیــە نــزم دەبێتەوە بۆ نەزم.

شێعر و نــەزم دوو جــۆرە هونــەرن کــە دەبــێ خوێنــەری ورد، حوکمیان لە سەر بدا. بەڵام چەن خۆشە شێعر ئەوەندە باش بــێ کە هەم فۆڕمی لێک و لووس و ڕێک و پێک بێ و هەم نــاوەرۆکی هەست بزوێن و دڵڕفێن.

خۆزیا شەریف ئەو ئامۆژگارییانەی هەمیشە لە پێش چاو بێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرگیز لە شێعری خۆی رازی نەبێ و پێی وابێ کە دەتوانێ لەوەش باشتر شێعر بڵێ.
تا شێعر دنەی نەدا، لە خەوی رائەپەڕێنێ و هەستی نەبزوێنێ دەست نەداتە قەڵەم.
ئەوەشی لە بیر بێ کە زمانەکەمان پێویستی بە خزمەت هەیە و هەوڵ بدا وشەی رەسەنی کوردی بەکار بێنێ و لە وشەی دەسکرد و داتاشراو بپارێزێ.
تەنانەت لەکارهێنانی وشەی بێگانەی لە وشەی نارەسەنی کوردی پێ باشتر بێ.
هیوادارم دیوانی دووەمی ئەم شاعیرە زیاترم رازی بکا.

هێمن

۱۳۵۸/۵/۲۲



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیل[1]

وەکوو ئاوی بنی گۆمێ کە جێمابێ لە رووبارێ
وەکوو بەردی سەری شاخێ کە دانرابێ لە دیوارێ
وەکوو کاتێ گەڵای زەردێ دەسی بەربێ لە سەر دارێ
دڵم تەنگە لە تەنیایی نە هاوڕازێ نە خەمخوارێ
من ئەو بەردەی گرفتارم، کە دیلی چینی دیوارم
من ئەو ئاوەی بنی گۆمم کە جێماوم لە رووبارم
گەڵای زەردم، مەلێ پیرم، منم دڵداری زنجیرم
لە بیرم دێ کە سی ساڵە لە بەندیخانە یەخسیرم
لە تاریکی ژیانمدا لە سووچی سەردی زیندانا
بە مۆرەی بەردی ناکامی بە جارێ عومری خۆم دانا
بەڵێ ئەو ساتە لاوێ بووم وەلێ ئێستا وەها پیرم
هەیە جارێ بەسەرهاتی خەمینی خۆم نییە بیرم
قەرەوڵ[2] دێت و رادەبرێ، شەوانی عومرم ئەژمێرێ
شەوێکیش وا منی دیل، بە دەستی مردن ئەسپێرێ

[1] ـ بەندی، زیندانی
[2] چاودێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نامەیەک بۆ فەلەستین

ئەی سەرگەردانی مانوو
لێقەوماوی بێخانوو
ئەی ماڵ و منداڵ لە کۆڵ
ئاوارەی نیشتمان چۆڵ
ئەی برای فەلەستینی
کەی مافی خۆت ئەستێنی؟
ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان
لەو دەشت و دۆڵ و کێوە
دوو کۆڵ ئەبەیت بە رێوە
کۆڵێ ماڵ و منداڵت
تەزاندوویەتی باڵت
کۆڵێ خەمی وەیلانی
دڵت گرتوویە شانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بارت قورس و پێ پەتی
رێبواری رێی مەینەتی
ئاخۆ خەمی نیشتمان
پێت قورسە یا کۆڵی شان؟!
ئەی فەلەستینی هەژار
وێڵی دەستی ئیستیعمار
رۆژێ دەبێ خەباتت
بێنێتە دەس وڵاتت
ئاخۆ ئەو رۆژە کەی بێ؟
ئاخۆ ئەو رۆژە کە بێ؟!

ئی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یادێ

بولبولی بەندی قەفەس پەروەردەی ئەو کێوانەیە
بۆیە تا ئاخر نەفەس هەر وا بە تاسەی لانەیە
باڵی ئازادی ئەسووتێنین و دانەی پێ ئەدەین
نەک ژیانی ئەو مەلە، تەنیا بە ئاو و دانەیە
شینی هێلانەی دەکا، ئەگریت و سەربەستی دەوێ
بانگ و ئاوازی قەفەس، ئەو شیوەن و گریانەیە
سووچی بەندی بۆ دەڕازێنینەوە بێخەم بژی
کەی نیشانەی ژینی بێخەم، زیوەری کاشانەیە؟!
تێدەکۆشێ هەڵفڕێ، بەندی قەفەس بۆی ناچڕێ
ئاخرین ئاواتی بەرزی دیتنی هێلانەیە
نەغمە سەردانی کە وا پاراوی هەستی گەل دەکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شـــینی بـــێ فرمێســـکی ئـــەو باڵـــندە بەســـتەزمانەیە**
**ســـووچی بەندیخانـــە وایـــە هـــەر کـــە ئـــازادی دەوێ**
**بەرهەمی کـاتی خـــەمی، ئـــەو نەغمـە بـەرز و جوانەیـە**
**«قـــانع[1]»م دێنێتـــەوە بـــیر ئـــاوازی باڵـــندەی قەفـــەس**
**قـورِ بـە سـەر ئـەو دوژمنـەی هیـوای بـە بەندیخانەیـە**

[1] ـ دێڕی ئاخر هی مامۆستا قانعە کە ئەو شێعرە بە ناوبانگەی لە بەندیخانە داناوە: (بە وێنەی بولبولی نێوان قەفەسێ)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قوتابخانه

١

پـــاش ئـــەوەی کـــە خـــۆر هەڵـــدێ
پڕشـــــنگ ئەخاتــــە ســـــەر دێ
خوێنـــــــــدەواران دێنـــــــە دەر
ڕێـــــی مەکتـــەب دەگرنـــە بـــەر
🏳🏳🏳🏳
لـــە نێـــو کۆمەڵـــی ماڵـــان
بـــــۆ خوێنـــــدنی منداڵـــــان
ماڵـــــــێکی زۆر وێرانــــــــە
کراوەتـــــــە قوتابخانــــــــە
کـــــاکی مـــــودیر بـــــەیانی
بـــــەر لـــــە خوێنــــدەوارانی
ئـــەڕوات و لـــەو بـــەر درگـــا
ماوەیـــــێ هـــــاتوچۆ دەکـــــا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەوشتی کاکی مودیر
لاوی ژیر و رۆشنبیر
لە نێو دڵی خەڵکی دێ
بە جوانی گرتوویە جێ
یاری هەژارەکانە
هیوای نەدارەکانە
لاوێکی چاک و رووخۆش
کوردیوێژ و کوردی پۆش

٢

ماوەی تر مەکتەبی دێ
گەرم ئەبێ بە سروودێ
لە پەنجەرەی پورتوکاو
تیشکی خۆر ئەداتە ناو
مامۆستا وەکوو جاران
ئەڵێ بە خوێندەواران:
دیسان رۆژی شەممەیە
کاتی پرسینەوەیە
«وریا» تۆهەستە سەر پێ
دەرسی پێشووم بۆبڵێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«ئا» وێنەی چی؟ «ب» وەک چی؟
«ت» وێنەی چی؟ «پ» وەک چی؟
لە ئەلفەوە تاکوو یێ
هەرچی دەیزانی بیڵێ.)
«وریا» بیر ئەکاتەوە
وەڵامی ئەداتەوە:
(«ئا» وێنەی ئازادی
ئاڵای ئاوات و شادی
«ب» وەکوو برسییەتی
«پ» وێنەی پێ پەتی
«ت» وەکوو تاڵی ژین
تاریکی و تێکۆشین)
کاتێ شتێ نازانێ
بۆ منداڵان ئەڕوانێ
(«نون» بە وێنەی نەدار
«هە» بە چەشنی هەژار

**٣**

کاکی مودیر هەڵدەستێ
بەرامبەریان دەوەستێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێ: (بەسیەتی ئیتر
دەس کەینە باسێکی تر
هەتا من لە بیرم بێ
ئەم وشانە ئەگوترێ
تاکەی دەرسی دڵتەنگی؟
تاکەی دەرد و بێدەنگی؟
ئیتر لایان بەین لە بیر
روو کەینە را و تەگبیر

منداڵەکان مات ئەبن
درسی تازە گوێ دەگرن
بێدەنگی قوتابخانە
پڕ دەبێ لەم وشانە:
(«ئا» وێنەی ئازادی
ئاڵای ئاوات و شادی
«ب» وەکوو بیرەوەر
«ت» وێنەی تێکۆشەر
«س» وەکوو سەربەستی
سەر و سێدارە و سستی)

منداڵ بە یەک دەنگەوە
دەڵێن بە ئاهەنگەوە:
(«خ» بە وێنەی خەبات
خوێندن و خوێن و خەڵات
«کاف» وێنەی کوردستان
کورد و کۆمەڵ و کوێستان

ماوەی بەر لە نیوەڕۆ
دوایی دێ دەرسی ئەمڕۆ
ئێوارە منداڵەکان
لە نێو باخ و لە سەربان
دەرسی تازە دخوێنن
بە خەڵکی رادەگەیێنن:
(«ی» وەکوو یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی)

٤

رۆژی شەممەی داهاتوو
ئەم دەرسەیان لەبەر بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام تاکوو خۆراوا
بەو گەرمای خۆرەتاوا
لە ڕێی شارا وەستابوون
چاوەڕێی مامۆستا بوون
تینی خۆر و خەمباری
پرسین و چاوەنواڕی:
(مامۆستامان وا لە کوێ؟
بۆچی نایەتەوە دێ؟)

پێش ئەوەی تاریک دابێ
هەواڵێ کەوتە نێو دێ:
(مامۆستای قوتابخانە
کەوتووەتە بەندیخانە
مامۆستای قوتابخانە
کەوتووەتە بەندیخانە

٥

ماوەی حەفتەیێ دەگوزەرێ
نابێ لەوی خەبەرێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام خوێندەوارەکان
هەر لە قوتابخانەدان
دەنگی بەرزی دەرسی جوان
ئەڕوا بەرەو ئاسمان:
(«ب» وێنەی بێگانە
برین و بەندیخانە . . .)
چاویان وا بە رێەوە
مامۆستایان بێتەوە

٦

رۆژی هەوەڵی زستان
کە سەرما هاتە کوێستان
کەسێ هەواڵێ دێنێ
دڵی دێ ئەلەرزێنێ:
(چەن لاوێکی رۆشنبیر
بە هاوڕێی کاکی مودیر
ئەو رۆژە تاریک و روون
لە سێدارە درابوون)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧

ئیتر ئەو منداڵانە
جێ دێڵن قوتابخانە
کاتێ ئەڕۆن بە دڵتەنگ
چاو بە فرمێسک و بێدەنگ
خوێندەوارێ کش ومات
سەرنجی دیوار ئەدات
فرمێسکی پڕ لە گڕێ
دێت و بەر چاوی دەگرێ
لە بان تەختەی سەر دیوار
خەتێ مابوو بە یادگار
دڵی نەدەهات کەسێ
شتی لە سەر بنووسێ:
(«ی» وەکوو یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی
«ئا» وێنەی ئازادی
ئاڵای ئاوات و شادی)
ع



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد ئەگەر چی زۆرە دەردی، بەردی مەینەت وا لە رێی
دەس لە ئەژنۆگرتن ئەو بەردانە لانابا لەرێی
شێعری خاوێنم دەوێ خوێنی دڵ و زاری نەبێ
رەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ
بۆچی «قانع» بم لە ژینا، بۆ ئەبێ هەوڵێ نەدەم؟!
بۆ ئەبێ دەس هەلگرم، تاکوو بە ئامانجم نەگەم؟!
هێمنی هەڵناگرێ ئەم چەرخە بۆ کوردی کوڵۆڵ
تا بەکەی «هێمن» بژین و تێنەکۆشین گورج و گۆڵ؟
گەر هەموو پەرداخی ژینم هەر وەها پڕ بێ لە ژار
ناگرم دەستم لە ئەژنۆ، قەت بە خۆم ناڵێم «هەژار»
هەر وەکوو «بێکەس» ئەگەرچی دەردەدار و بێکەسم
من کەسم کوردە، بە کەس ناڵێم هەژار و بێکەسم
شێعری خاوێنم دەوێ خوێنی دڵ و زاری نەبێ
رەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢

تا پەری شێعرم نەدی، هــەر ســاتە بــیرێ وام هــەبوو
داخەکەم چاوی پەریش، غــەیری خــەمی تێــدا نــەبوو
بۆ گوڵــی شــادی گــەڕام ماوەیــێ، هــەتا بیدۆزمــەوە
تـــاکوو بـــەرگی بـــووکی شـــێعری پـــێ بڕازێنمـــەوە
شــار و کوێســتانی وڵــاتی کــوردەواریم گرتــە بــەر
پێکـــەنینم نـــەدی هـــەرگیز لـــە دڵ هاتبێتـــە دەر
بۆ نەگریم من کە پــەروەردەی هــەوای شــاری خــەمم؟!
چی بنووسم؟ غەیری ئەو فرمێسکە، چی بێ بەرهەمم؟!
کــوردەواری هــەر بەشــی زووخــاو و دەرد و زیللەتــە
تاکوو داهاتووی بە چی بێ، زەحمەتی ئــەم میللەتــە؟!
لێم ببــوورن ئــەی هــەژار و بێکــەس و هــێمن، ئــەمن
ئێستە ئەیزانم کــە ئێــوە بــۆچی ئــالوودەی خــەمن؟!
ئـــەو خەمانـــەی نەمدەناســـین وا ئەســـیری کـــردووم
چی بڵێم؟! چۆنی بڵــێم؟! چەشــنێ کــە پــیری کــردووم

ئامــــانجی وایــــە پێنووســـــی دەســــتم
وەهایــــە هیــــوای شــێعر و هەڵبەســــتم
تاقــەی مــرواری هــەر چەنــدە جوانــە
بــووکی بــە نرخــی نێــو گەوهەرانــە
بەڵـــام ئــەو کاتــەی کــۆ بکرێتــەوە
لـــــە ســــەر شـــریتێ بهۆنرێتــــەوە
ئەو ساتە جوانــە و جــوانتر دەنوێنــێ
تـــاکوو بـــە تـــەنیا لـــە لای بمێنــێ

زمـــانی کـــوردیش ئـــەو گەوهەرەیـــە
کــە دیــاری بــەرزی مێــژووی ئێمەیــە
وشەی جوان جــوانی نێــو کــوردەواری
جــوانتر لــە زێــڕ و لــەعل ومــرواری

کاتێ بە شێوەی جوانێ هۆنراوە
کرایە بەستە و شێعر و هۆنراوە
چاکتر دەنوێنێ و هەر لە بەر چاوە
هەرگیز ون نابێ و ناخرێتە لاوە
ئامانجی وایە پێنووسی دەستم
وەهایە هیوای شێعر و هەڵبەستم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بۆ گۆران

بــه ئــاواتم چەپکــه شــێعرێ هەڵبەســتم
بۆ «گــۆران»ی شــاعیری جــوان پەرەســتم
تێدەکۆشـــم بـــه هێـــزی بـــیر و هەســـتم
وشـــەیێ نیـــه کـــه دەربـــڕێ مەبەســـتم
پێنوســـەکەم! ئـــەی قەڵـــەمی سەربەســـتم!
دەخیلـــی تـــۆم بـــۆ جـــارێ بگـــره دەســـتم
«هەرچەن دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێته ناو چوارچێوەی هەڵبەستم»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆچ

ئاوایی لە شان چۆم و باخەوە
پاڵی داوەتە سینگی شاخەوە
عومرێکە نێوان لەشی کۆرپەی دێ
خوێنی ژین گەرمە و دڵی خورپەی دێ
باڵندەی ڕەنگین، کۆتری نەخشین
بە دەوری دێدا ئەگەڕێ چین چین
تاوێ لە باخان، تاوێ لە سەر دێ
هەر یەک نەغمەیێ لە ناخی دەردێ

ئەو دەشتە سەوزە، ئەو دێیە جوانە
ئەو هەموو دار و باخ وبێستانە
دەستی سیاسەت ئاورێ دێنێ
یەک لە شوێن یەکا ئەیانسووتێنێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێ ئەسووتێت و خەڵکی کۆچ ئەدرێن
کۆچی دڵتەزێن بۆ دەشتی گەرمێن
بە وێنەی شەمێ کە توابێتەوە
پەپوولەی تەنیای لا مابێتەوە
ئەو کۆترانەی بە ئاسمانەوە
لە دەوری دێدا ئەسووڕانەوە
بە ئاهەنگی خەم تاکوو خۆراوا
ئەگەڕێن بە سەر دەشتی سووتاوا
تا وردە وردە دڵنیا ئەبن
دێ بە جێ دێڵن ئەوانیش دەچن

گەرمەسێر ئەگەر بەهەشتی روون بێ
باخی گەوهەر و دەشتی ئاڵتوون بێ
ئێستاش هەر وەها کوردی کۆچ دراو
باڵندەی کزی لە هێلان بڕاو
مشتێ لەو خاک و بەردە سووتاوە
خاکی ئەو دەشتەی تێیدا ژیاوە
بە سەرتاسەری گەرمێنی نادا
نایگۆڕێتەوە لە گەڵ دنیادا

ئـــاخر بـــه خـــوێنی ئـــاوی پێـــدابوون
بـــــاو و بـــــاپیری لــــــەوێ ژیـــــابوون

گەرمەســێر ئەگــەر بەهەشــتی روون بــێ
بــاخی گەوهــەر و دەشــتی ئاڵــتوون بــێ
هـــەموویان ئـــەدا تـــەنیا هەناســـەی
بـــه یـــادی وڵـــات بشـــکێنێ تاســـەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕووبار

قەڵبەزەی بەرزی کوێستان
ئەڕژێتە نێو دارستان
بەفراوی کێوان دێنێ
ڕووبارێ پێک ئەهێنێ
ڕووبارێ ئەکەوێتە ڕێ
دارستان دێڵێتە جێ

ئاواییەک لەو قەراخا
لە نێوان دار و باخا
بەرامبەر بە خۆراوا
ئەڕوانێتە سەر ئاوا
ڕووبار ئەڕوا بە بەر دێدا
خورەی جوانی دێتە گوێدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوینان خۆر داخ ئەبێ
گەرمە نیوەڕۆی ناو دێ
منداڵان دێنە سەر ئاو
بۆ مەلە یا ماسی راو
زۆریان تێدا هەژارە
چاوی لە دەس رووبارە
بۆ پێخۆر ماڵێ داماو
کاری بووەتە ماسی راو

نیوەڕۆیە و ناو دێ چۆڵ
کوڕی شوان، گورج و گۆڵ
رێ دەکەوێ بۆ رووبار
سک برسی و شڕە بار
بە هیوای قولاپ و تۆڕ
ماسی بگرێ بۆ پێخۆر

دێت و ئەگاتە سەر ئاو
دەس ئەکاتە ماسی راو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووبار ئەڕوا بە بەر دێدا
خورەی جوانی دێتە گوێدا
ماوەیێ زۆر ئەدا سەر
ماسییەک دێنێتە دەر
ماسی کۆرپە و وردە زۆر
بە کار نایە بۆ پێخۆر
سینگی سپی، خوێناوی
پەلەقاژەی تاوتاوی
تێدەکۆشێ جار وبار
خۆی بخاتەوە رووبار
پێستی جوانی برژاوە
زیخی پێوە تلاوە
زیخی داخی نیوەڕۆ
دڵ ماسی دێنێتە سۆ

کاتێ قولاپی خوێنین
ئەخرێتە نێو ئاوی شین
دڵی ئەو ماسیە کۆرپە
راوەستابوو لە خورپە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووبـــار ئـــەڕوا بـــە بـــەر دێـــدا
خـــــورِەی جـــوانی دێتـــە گوێـــدا

ئـــــەی ماســـــی وێڵـــــی هــــەژار!
بـــۆ دەگـــــەڕای لــــە رووبــــــار؟!
ئـــاخۆ تـــۆش لـــە رێـــی ســـەفەر
بـــۆ پێخـــۆر بـــووی دەربـــەدەر؟!
ئێـــــوەش لـــــە نێـــو ماســـــیان
بـــۆ پـــارە و پێخـــۆر و ژیـــان
هـــــــەژارەکان ئـــــــــەمرێنن
خـــــوێنی یـــــەکتر ئــــەڕژێنن؟!!!

رووبـــار ئـــەڕوا بـــە بـــەر دێـــدا
خـــــورِەی جـــوانی دێتـــە گوێـــدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەنیا

خانووی ساردم کش و مات
بۆنی بێدەنگی ئەدات
لە شوێنی پیری ڕێبوار
چاوم بڕیوە دیوار
جارێ هەتا ماوەی دێر
گوێ دەگرم بۆ کاتژمێر
هاتوچۆی عەقرەبەکان
وەک ڕێبوارانی زەمان
یەکێ گورج و یەک هێمن
ڕێگای عومرم دەپێون
بە ناوەدڵ ئەمەوێ
بەڵکوو دەردێ بسرەوێ
پەنا بەمە پێنووسم
بیرەکانم بنووسم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من کێم و لە کوێم و چیم؟!
تا کەی و بۆچی دەژیم؟!
جارێ قاقای پێکەنین
بە دنیا و ئاسمان و ژین
جارێکیش بوغزی گریان
بۆ ماوەی خۆ خەڵەتان
خەمبار و بێدەنگ و باس
خەیاڵاوی و کەساس
هیچ ئاهەنگێ نایێتە گوێ
بەحری بێدەنگی بشکێ

خانووی ساردم کش و مات
بۆنی بێدەنگی ئەدات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژار

لـــه داخـــی مەینـــەتی دەوران دڵـــم پـــڕ ئـــاورە ســـاقی
لە ژاری تاڵـــی ژیـــن دیســـان پیاڵـــەی دڵ پـــڕە ســـاقی
وەرە ئەمشەو وەکوو هەر شەو، وەرە ساقی دڵم خوێنە
هەتاکوو دێتە چاوم خـــەو، حەرامـــە شـــەربەتان بێنـــە
دڵم زووخاوی لێ دەڕژێ دەســـا هەســـتە بکـــە مەســـتم
شەڕابی کۆن لە جامی نوێ، بە خوڕ تێکە بدە دەســـتم
کە وا کون کون بووە جەرگم، لە جەوری ماتەمی دنیـــا
هەتاکوو سەردەمی مەرگم، وەرە هەر تۆم دەوێ تـــەنیا
هەناسەی سەردی پـــڕ داخـــم دەمێکـــە گرتوویـــە نـــاخم
شەڕابی تۆیـــە دەیشـــۆرێ پـــەژارەی ژیـــنی پـــڕ ئـــاخم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دێ

شەوگاری بەهار دەرچوو لە نیوە
تاریکی ئەڕوات بەرەو کازیوە
ئاوایی تاریک؛ ورشەی چرایێ
لە نێو پەنجەرەی هیچ ماڵێ نایێ
دێ دەرکی لە رووی رۆژ داخستووە
لە بەرگی شەودا جوان نوستووە
منداڵێ ساوا دەگریێ جار جار
ئەشکێنێ دەریای بێدەنگی شەوگار
دایکێ سەر لە بان لانکی کۆرپەوە
سەردەمێکە خەو بردوویەتەوە
ئەو ساتە کوڵی شەو دەتوێتەوە
سەر گۆنای ئاسۆ سوور ئەبێتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵەشێرێ دێ و لەو سەربانانە
مزگێنی ئەدا هەستن بەیانە
شنەی بەر بەیان یەک لە شوێن یەکا
ماڵانی نوستوو باوەشێن ئەکا
هەتاو لای ئەبا دیسان بەسپایی
پەردەی شەو لە سەر بووکی ئاوایی
ماڵان بەردەچن، ئاوایی ساکار
گرتوویە باوەش باپیری کۆسار
ماویانە خەڵکی ماندوویی دوێنێ
گزنگی هەتاو هەڵیاندەستێنێ
ژنێ گورج و گۆڵ ئەڕوا بۆ کانی
بە نەزمی جوانی لەرزانەکانی
ژنێ لە کانی ماندوو دێتەوە
سەری ناوەتە سینگی گۆزەوە
دووکەڵ لە سەربان ئەڕوا بەرەو ژوور
سوور ئەبێتەوە سەر گۆنای تەنوور
تەندووری ماڵان نانی گەرم و جوان
دەکا بە تۆشووی باخەوان و شوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مریشکی سپی، جووجەڵە لە شوێن
بە جێ دەهێڵێ تاریکی کولێن
پێش ئەوەی کە خۆر بدا لە ناو دێ
رانی ئاوایی دەکەوێتە رێ
نیوەی ناوەدڵ لە دێ دەرئەچێ
بەرخ و کارژیلەی هێشتووەتە جێ

مراوی لە سەر چیمەنی جۆبار
دەشکێنێ شەقڵی شەونمی بەهار
ئاسمانی شین و کۆچی هەورەکان
پڕشنگی خۆر و دەشتی سەوز و جوان
هاتوچۆی ئاسکی بزێوی سەرکۆ
شنەی شەماڵ و لەرەی لەق و پۆ
جریوەی بولبول، خوڕەی جۆباران
شمشاڵی شوان و بەستەی دڵداران

موسیقای جوانی ژینی دێهاتن
دیمەنی رەنگین، خاکی وڵاتن

ژینی رۆژێکی ئەو دێیە لە لای من
ئەژی بە شاری دووکەڵ و ئاسن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بگری

دایە گیان بگـری لــە سـەر خـاکم کـەوا شـینم دەوێ
زۆر بگریـــە دایـــە گیـــان فرمێســکی خـــوێنینم دەوێ
من گوڵی سەد ئـارەزووی ژیـنم لــە خاکـا خــەوتووە
خاکی مەیدانی خــەبات رەنگـینی خـوێنی مـن بـووە
دامەنیشـــە دایـــەگیان بـــۆ هـــاتنی مـــن چـــاوەڕێ
دڵنیا بە، بەسـیەتی، بـۆ دەنگـی درگـا مـەگرە گـوێ
دایە گیان سوێندم بە فرمێسـکی گـەش و ئێشـی دڵـت
دایە گیان سوێندم بە جـەور و مەینـەتی بـێ حاسڵـت
من دەمێکە جەرگی سووتاندووم هەناسەی سەردی گەل
دڵپڕی کردووم خەمی دەسکورتی و رەنـگ زەردی گــەل
من کوڕی کوردی شـەهیدی رێـی خـەباتم دایـە گیـان
کـۆتری خـــوێنین پــەڕی بــاخی وڵــاتم دایــە گیــان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هــەر وەكــوو بێگانــەیێ دڵ پــڕ لــە ناكــامی و گــرێ
لەم هەموو دەستە نەبوو دەستێ، كە بێ و دەستم گرێ
من لە شاری خۆم غــەریب و بــۆهــەموو بێگانــە خــۆم
كۆتری كوژراوی ڕێگــای لانــە خــۆم، بــێ لانــە خــۆم
دایە گیان بگــری لــە ســەر خــاكم كــەوا شــینم دەوێ
زۆر بگریــە دایــە گیــان فرمێســكی خــوێنینم دەوێ
دایە گیان ئەو كیژە وا ئەتویس بــە بــووكی تــۆ ببێــت
خۆت بدە پیشانی جــارێ بــا بــە هیــوای مــن نــەبێت
تاكوو بتبینــێ كــە ڕەشپۆشــی لــە ســەر تــا پاتــەوە
بەڵــكوو بــڕوا دڵــنیا بــێ و مــن لــە بــیرەو باتــەوە
دایە گیان بگــری لــە ســەر خــاكم كــەوا شــینم دەوێ
زۆر بگریــە دایــە گیــان فرمێســكی خــوێنینم دەوێ



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاکـــا ئـــەم چەرخـــەش هەڵـــگەڕایەوە
ئیتـــــر نەگـــــەڕاو نەســـــــووڕایەوە
کیـــژێ خـــــاوەنی ژیـــــنی دنیایــــــە
ریـــــزێ مـــــرواری لــــە گەردنیایــــە
کیـــژێ کـــــە تــــینی ئـــــەوینی وایــــە
ژیـــان و مـــــردن لـــــە دەســـتی دایــــە
مـــــرواری لـــــە ســــەر ســـینگی رازاون
بـــە هێـــزی جەزبـــەی عەشـــقی وەســـتاون

ئـــەویش وەک هـــەموو رۆژێ پـــیر ئـــەبێ
بـــــە تـــیری مـــــردن داوێـــــنگیر ئـــــەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵـــــێ ئـــــەمرێت و ئەکوژێتـــــەوە
ملوانکـــــەی ملـــــی ئەپچڕێتـــــەوە
نـــۆ مـــرواری یـــەک لـــە شـــوێن یـــەکتر
شـــینی مـــــردنی ئەگاتـــــە ئـــــاخر
شـــینی مـــردنی ئـــەو کیـــژە وایـــە
کـــە لـــە شـــونێیدا ئـــاخر دنیایـــە
بناغـــەی گـــــەردوون وا دەشـــــکێتەوە
ئیترناگـــــــەڕێ و ناســـــــوورێتەوە[1]

---

[1] ـ مەنزوور لە تەواو بوونی هێزی خۆر و تێکچوونی «مەنزوومەی شەمسی»یە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵاڵە

دەوڵ و زورنایــــە، چەپڵــــە ڕێزانــــە
بـــەزمی شـــادی و چـــۆپی کێشـــانە
بـــەرگی ڕەنگاوڕەنــگ کیــژی ســەربانان
دەکێشـــــێ نیگـــای لاوی کۆڵـــانان
ئاهـــەنگی زوڕنـــا و بـــەزمی هەڵـــپەڕکێ
دەنــگ ئەداتــەوە هــەتا ئــەو پــەڕ دێ
لـــە نێـــو کیژانـــا تـــەنیا هەڵاڵـــە
دڵـــی خەمینــە و لـــە ســووچی ماڵــە
ئـــاخر دیـــاری یـــاری بێوەفـــای
دەســـتەی چنـــووره، ماوەتـــەوە لای
یادگارێکـــــە یـــــاری پێــــی داوە
ئێســـتا بێڕەنگـــە و بـــۆنی نـــەماوە

هەڵاڵــــە دەڕوا بـــۆ خەیاڵـــــی دوور
ئەڕوانێ جار جــار بـۆ چەپکــەی چنــوور

دەنگـــی زەمـــاوەن ئـــەتۆم دێتـــە گـــوێ
کوانــێ پـــەیمانت، کوانــێ وا لـــە کــوێ؟
قـــەولی ئـــەم رۆژی ســـەما و شـــادییە
بـــە منـــت دابـــوو لـــە بـــیرت نییـــە؟!
دڵـم گوڵــێ بــوو بۆچیــت هەڵــوەراند؟!
بـــۆچی ئاوێنـــەی ئـــەوینت شـــکاند؟!
کوانـــێ مەیلەکـــەی جـــاری جارانـــت
کوانـــــێ هـــــاتوچۆ و ئیشـــــارەکانت
کوانــێ راەســتان، ســەر رێگــای کــانی؟
کوانێ سـێوی سـوور، کوانــێ گۆرانــێ؟
گیـــانی شـــیرینم، دڵـــت شـــکاندم
دڵـــت شـــکاندم، دڵـــت شـــکاندم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارجارێ فرمێسک لە چاوی سوورا
ئەبارێتە سەر چەپکەی چنوورا
ئاهەنگی زوڕنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەوپەڕ دێ

ﷺﷺﷺﷺ

هەڵاڵە وا بیر ئەکاتەوە
دەفتەری ژینی هەڵئەداتەوە:
سوێندم بە سۆزی دڵی ئەسیرم
تا ساتێ ماوم هەر وای لە بیرم
ئەو ساتە لاشەم سەرد ئەبێتەوە
چرای ژیانم ئەکوژێتەوە
ئاخرین قسەم هەر ناوی تۆیە
هەر چاوەکانم پڕ ئاوی تۆیە
دڵم گوڵێ بوو بۆچیت هەڵوەراند؟!
بۆچی ئاوێنەی ئەوینت شکاند؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆ دەوڵەمەند و من کیژێ نەدار
بە غەیری وەفا چی هەیە هەژار؟
خونچەی دڵی خۆم هێنا و دام بە تۆ
بەڵام وتەی تۆ هەموویان درۆ

جارجارێ فرمێسک لە چاوی سوورا
ئەبارێنە سەر چەپکەی چنوورا
دایکی لە داخی کچ، بێخەبەرە
بانگی لێ دەکا لەو بەر پەنجەرە:
(هەڵاڵە وەرە هەڵاڵە وەرە
کیژە جوانەکەم تاوێ هەڵپەڕە)
دایکی نەیبینی فرمێسکی چاوی
زولفی شێواوی دڵی شکاوی
ئاهەنگی زوڕنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەوپەڕ دێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیـــنی مندالـــی دنیـــای شـــیرینە
شـــێعری ســـەرەتای چیرۆکـــی ژینـــە
عـــــومری مندالـــــیم چـــــەن زوو
وەک نەســـــیمێ هــــات و چـــــوو
مـــــەلێ غــــەریب بـــــوو، رۆیشـــــت
هـــەر یـــادێکی بـــە جـــێ هێشـــت

کـــــەم کـــــەم وریـــــا بوومـــــەوە
بـــــیرم چـــــاوی کـــــردەوە
دنیایـــــەکم بـــــینی بـــــێ تـــــین
نـــــە وەک مندالـــــی شـــــیرین
خـــــەمی کـــــاتی مندالـــــی
گـــرێ نـــــەبوو لـــــە پالـــــی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـــەی وەکـــوو خـــەمی ئێســـتا
ریشـــــەی لــــە دڵ ئەوەســـــتا
هــــەر خـــــەمێک و فرمێســـــکێ
فرمێســــــــکێک و هەنســــــــکێ
تـــــــــــەمی دڵ ئەشـــــــــۆرێ
دنیــــــای تاڵــــــی دەگــــــۆڕێ
چ دەروون و چ لـــــــــــــــــە روو
دنیامــــــان هـــــەر ئـــــەوە بـــــوو
ژیـــــنی منداڵـــــی دنیـــــای شـــــیرینە
شـــێعری ســـەرەتای چیرۆکـــی ژینـــە

ﮰﮰﮰﮰ

وریـــــا بوومــــــەوە کـــــەم کـــــەم
دەوری گـــــــرتم گـــــــەلێ خـــــــەم
کـــــە هـــــەوەڵ جـــــارێ گریـــــام
لـــــە بـــــۆ هـــــەژارێ گریـــــام
بـــــۆئـــــەو گریـــــام و بـــــۆ خـــــۆم
کـــــە ئـــــاخۆ بـــــۆ کـــــوێ دەڕۆم؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک منداڵێ ون بووبێ
نەمدەزانی وام لە کوێ؟
ئێستاش هەرچی دەڕوانم
خۆم بە وەیلان دەزانم
سەرنجی هەر لایێ ئەدەم
هیچ شتێ بەدی ناکەم
هەر چەن ئەو سەری رێگا
نایزانم بە کوێ دەگا
پێم خۆشە جارێکی تر
تەنیا گوزارێگی تر
بگەڕایمەوە لە نوێ
دیسان بۆ هەوەڵی رێ
بگام لەو دنیا جوانە
وەکوو ئەو منداڵانە
با خەمەکانم سووک بێ
بێ گرێ و بچووک بێ
باکوو تەنیا فرمێسکێ
هەناسەیەک و هەنسکێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەمی دڵم بشۆرێ
دنیای ژینم بگۆڕێ
ژینی منداڵی دنیای شیرینە
شێعری سەرەتای چیرۆکی ژینە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لانەی بایەقووش

### ١

نیـــوه شـــەوێکی ســـەرد و دڵـــتەنگه
خەڵـــکی خـــەوتوون دنیـــا بێدەنگـــه
شــار پــەردەی رەشــی کێشــاوەته ســەر
مانگی شـەوان‌پێـو ، لــه کێـو هاتــه دەر
بایەقۆشــێ پــیر دێــت و جــار جارێـک
دەخوێنـــێ لـــه ســـەر کۆنـــه دیوارێـک

لـــه وێرانەیـــەکی چـــۆڵ و بێـــدەنگا
لـــه نێـــو ماڵـــێکی ســـەرد و دڵـــتەنگا
خـــەوتووه خـــەمین کچێکـــی هـــەتیو
هـــەتیوێ خۆشـــی لـــه دنیـــا نـــەدیو
دایکـــی بەینێکـــه دووره لـــه دنیـــا
ئـــەو کچـــه مـــاوه لەوێـــدا تـــەنیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منداڵی بچــووک لــە نێــو بــەرگی خــەو
ئــەدا لــە گۆنــای شــەوقی مانگــە شــەو
بەڵــام خــەوی چــی؟ هــەتاکوو بــەیان
وتــــووێژ دەکــا لــــە گــەڵ ئەســـتێران
لـــەوان دەپرســـێ دایکـــی وا لـــە کـــوێ؟
بــۆچی بــە تــەنیا هێشــتوویەتە جــێ؟
ســـاتێ فرمێســـکی لـــێ جیـــا نابـــێ
ئـــــاخر منداڵــــــە و دڵــــــنیا نابـــــێ
گــوێ بــدە ســاتێ، بەســەرهاتی ئــەو
لە گەڵ ئەستێران چی دەکـوت ئەوشـەو:

۲

(ئەی مانگی جــوان! ئــەی ئەســتێرەکان!
ئێـــوە دەبیـــنن لـــە نێـــو ئاسمـــان
بــاخی بەهەشــتی خــودا لــە کوێــدا؟
ئەڵـــێن دایکـــی مـــن وا لـــە وێـــدا
ئــەی مانــگ! تــۆدایکــی ئەســتێرەکانی
تــۆ خــودا پــێم بڵــێ ئەگــەر دەزانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەستێرەکانت کۆ بوونەتەوە
وان لە گەڵ خۆتا چەشنی هەر شەوە
پێم بڵێ داکی من کەی دێتەوە؟
منیش ئەستێرەم، مانگی من ئەوە
ئەی ئەستێرەی خۆم گوێ بگرە ساتێ
بە دایکم بڵێ دەیبینی کاتێ:
(دایکی خۆشەویست! بینایی چاوم!
هێزی ژیانم، تەنیا هەتاوم
بۆچی رۆیشتی لە گەڵ نەتبردم؟
تەنیا لەم دنیا وەیلانت کردم؟
هەتا دیتەوە هەر چاوەڕێتم
بە هیوای بیستن ئاهەنگی پێتم)
ئەی ئەستێرەی خۆم گوێ بگرە ساتێ
بە دایکم بڵێ ئەیبینی کاتێ
(زۆر بە ئاواتم کاتێ هاتەوە
لە سەر داوێنی خەو بمباتەوە
ئەگەر وەکوو مەل دوو باڵم هەبوو
لە نێو دنیادا ئەمکرد هاتوچوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگـــەڕام هـــەموو كێــو و دەر و دەشــت
هـــەتاكوو دەگـــام بـــە بـــاخی بەهەشــت
بەڵــــكوو لەوێـــدا جـــارێ بتبيــــنم
ئـــــەتۆش ببـــــينی گريــــان و شــــينم)

✿✿✿✿

بەڵـــام باســـی مـــن زۆر بـــێ فايەيـــە
ئـــاخر كـــەی هـــەتيو ئەســـتێرەی هەيـــە؟
دەردی دڵـــی خـــۆم مـــن دەڵـــێم بـــە كـــێ؟
هەتيو چـــی هەيـــە تـــا ئەســـتێرەی بـــێ؟

٣

نـــەختێ دەگـــوزەرێ خـــەو دێتـــە چـــاوی
باســــــی دەمێنـــــێ بــــــە ناتــــــەواوی
تـــاكوو دەخــــەوێ لـــە نيـــوەی شـــەودا
دايكـــی دەبينـــێ لـــە دنيـــای خـــەودا



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەپارێتــەوە لــە گــەڵ خــۆی بیبــا
نــەڕوات و دیســـان نەیهێڵــێ تــەنیا
دایکــی دەکێشــێ لــە ســەری دەســتێ
ئەڵــێ: نەبوونــە، پاشــی هــەر هەســتێ
کچــم جێگــای مــن جگــە دنیایــە
دایکــت وەکــوو تــۆ لــەوێ تەنیایــە
ڕۆڵــەماڵــی مــن تاریــک و ســەردە
جێگاکــەم خاکــە، ســەرینم بــەردە

❧❧❧❧

بە دایکــی دەڵــێ کــچ بــە چــاوی ســوور
لە قرچــە و ســۆزی دڵ وەکــوو تــەنوور:
نامــەوێ بــێ تــۆ، ڕوونــاکی دنیــا
هــەر خــۆتم دەوێ وای لــە هــەر کوێــدا
دیســـان بـــۆ دڵـــم دەشـــکێنیتەوە؟
گەر نامبەی لە گــەڵ، بــۆ هاتوویتــەوە؟

❧❧❧❧

دایکــی بــە دڵــێ پــڕ ئــێش و خــەمناک
تک تک فرمێسک دەتکێتــە ســەر خــاک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێ: (کچەکەم شەوێکی سەردە
سەرماش سەرەتای نەخۆشی و دەردە
تۆش لە جێگاکەت کەوتبوویتە دەر
هاتووم بیکێشم پۆشینت لە سەر
زستان بێنەوا نابەتەو لە هۆش
باکوو لە سەرما نەکەوی نەخۆش
کێ لە ناخۆشی شەوان یارت بێ؟
کێ لە جێگای خۆم پەرەستارت بێ؟)
وەڵامی ئەدا بەم چەشنە و ئەڕوا
ئیتر هاواری کچی پێناگا

٤

سبەینێ کاتێ خۆر دای لە سەر کێو
لە شووشەی شکاو، شەوقی دایە نێو
دای لە سەر جێگا و لاشەی سەردی کچ
ڕووناکی دەکرد گۆنای زەردی کچ
بایەقۆش نەختێ چڵی بردبوو
لەو ماڵە چۆڵە لانەی گرتبوو
ئاخر چۆن بڵێم ئەو کچە مردبوو
بایەقۆش دەیکوت: دیقی کردبوو

## وێنە

گەڵارێزان هاتەوە
ناخی باخی گرتەوە
گەڵای زۆری وەریون
سینگی باخی پۆشیون
تاو ناتاوێ شنەی با
بە ئەسپایی دەیانبا
خۆری بێ تینی سەر دێ
وەک رێبوارێ ماندوو بێ
وردە وردە دێتە خوار
ئەنیشێتە سەر کۆسار
دیسان بە لوتکەی کێوا
رێ دەکەوێ بەو دیوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باخەوان کز و تەنیا
لە سەر ئاوی کانیا
دەستی پیرو لەرزۆکی
داناوەتە سەر چۆکی
بە شوێن بیری پڕ داخا
چاوی دەکشێتە باخا
دارێکی وشک و مردوو
لانەی مەلی کۆچ کردوو
نە سەوزایی نە سێبەر
نە ئاهەنگی پەلەوەر
لە بیری نایە هەرگیز
گەڵارێزانی پاییز
وا دڵپڕی کردبێ
ناخی گیانی گرتبێ

جارێ سەری دائەخا
سەرنجی کانی ئەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوێنەی رووناکی ئاو
وێنەی دێنێتە بەرچاو
وێنەی پیر و زەردی خەم
پڕ چین و خەتی ماتەم
وێنەیێ پەژارە دیو
وێنەی گوڵێ هەڵوەریو
فرمێسکی ژینی تاڵی
دێنێتەوە خەیاڵی
ئەوسا بەهاری بێ تین
ئێستا پاییزی خەمین
گەڵارێزانیش ئەڕوات
هاکا بەهارێ تر هات
تەنیا ژینی من وایە
ئیتر بەهاری نایە

کەم کەم فرمێسکێ ئەتکێ
ئاوێنەی کانی دەشکێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە چۆڵی باخا جار جار
گەڵای زەردێ دێتە خوار
لە گەڵ ئاوی کانیا
رێ دەکەوێ دڵنیا
باخەوان سەر دائەخا
سەرنجی وێنەی بدا
ئاوی کانی شێواوە
وێنەی تێدا نەماوە
لە چۆڵی باخا جار جار
گەڵای زەردێ دێتە خوار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەپوولەی خەیاڵ

پەپوولەی خەیاڵ سەرمەست و هێمن
دەپێوێ سینگی ئاسمانی بێ بن
دەفتەری ژینم پەڕ ئەداتەوە
لاپەڕەی لاویم بیر ئەخاتەوە
ئەم هۆنراوانە، تۆم دێنێتە بیر
پێکەنینی تاڵ دەتباتەو لە بیر:

لە خاکی لاشەم بەیانی بەهار
گوڵاڵە سوورەیەکی ئاورین روخسار
بە جوانی گۆنات سەر دەرئەهێنێ
لە سەر مەزارم دێ خۆی بنوێنێ
ئەتۆش کە هاتووی لە بۆ گوڵچنین
جوان رادەبووری دەم بە پێکەنین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو گوڵاڵە سوورە، دەچێنی لە ڕێت
ئاخۆ دەیزانی بۆنی کێی لێ دێت؟
ئەڵێی: چەن جوانە! چەن ڕەنگی گەشە
داخەکەم داخۆم بۆچ دڵی ڕەشە؟!
بەڵێ ئەو ساتە بزانە گوڵم!
گوڵی بەهەشتی ئاواتی دڵم!
ئەو گوڵە خاکی دڵداری خۆتە
ئێستاش بە هیوای روخساری خۆتە
بۆیە بەو چەشنە گەش و خۆشڕەنگە
بۆیە ئەوەندە مات و دڵتەنگە
بۆیە وەستاوە دڵتەنگ لە سەر ڕێت
دڵی داخورپێ دیسان لە بەر پێت
گیانە لەو گوڵەی چیت دێتە بەرچاو
لەو گوڵاڵە سوورە، گوڵی دڵ سووتاو
جوانی هەڵبگرە هەر چەن خۆت گوڵی
خۆشبۆتر لە بۆن یاس و سونبوڵی
خاکی دڵدارە ئەیهێنیتەوە
زامی دڵەکەی نەکولێنیتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـــەم هۆنراوانـــە تـــۆم دێنێتـــە بـــیر
پێکـــەنینی تـــاڵ دەتباتـــەو لـــە بـــیر

پەپوولـــەی خـــەیاڵ ئـــەڕوا لـــە ســـەرخۆ
لـــە شـــوێن بـــیری تـــر ئاســـۆ بـــە ئاســـۆ
هـــەتاکوو خـــەو دێ، بـــیرم ئـــەمرێنێ
پەپوولـــــەی خـــــەیاڵ هەڵـــــدەوەرێنێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باده

ساقی گوزەرا شەو، بە فیداتم وەرە دێرە
دڵ تەنگە، درەنگە، وەرە سا بادە بگێڕە
تا تۆ بی و مەی بێ، من و دڵ لێرە خەمۆشین
هەر دوو بە تەماتین، وەرە مەی بێرە بنۆشین
تینوویە دەمێکە چەمەنی باخی ئەوینم
ئەم باخە بدێرە وەرە مەی بێنە سەرینم
ویستوومە کە تەنیا بم و لەم سووچە بمێنم
دیسانەوە ئەم باری خەمە کەوتووە شوێنم
دەستی خەمەکەم بگرە لە مەیخانە بە دەر کە
رێگای مەدە ئێرە وەرە لەو مەستە حەزەر کە
نانا، لێیگەڕێ باکوو بمێنێتەوە گیانە
ئەم کۆترە وەیلانە دڵی گرتووە لانە
بۆ مەی نیە ساقی کە پەنا دێنمە ئێرە
هەر کەس بە شەڕابی خەمی جانانەیێ تێرە
من هەمدەمی بادەم کە خەمی سینە بە با دەم
دەستم بگرە گیانە وەرە بسپێرە بە بادەم
ساقی گوزەرا شەو، بە فیداتم وەرە دێرە
دڵ تەنگە، درەنگە، وەرە سا بادە بگێڕە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خێراب

له سـه‌رده‌می بـه‌هارێ، شـه‌ڕابی ده‌سـتی یـارێ
كه قه‌تره قـه‌تره مه‌سـتی بـه سـه‌ر دڵـا ئـه‌بارێ
هه‌ر چه‌نده نـه‌ختێ تاڵـه شـادی هێنـه‌ر ئاوێكـه
خێرابـه نـه‌ك شـه‌ڕابه، چ وه‌رگێـڕاو ناوێكـه
ئـه‌وه‌ی كـه تـینی گیانـه ده‌وای خـه‌می دڵـانه
سوێندم بـه ده‌سـتی سـاقی حه‌رامـه شـه‌ربه‌تانه
سـاقی بگـره ده‌سـتم، ده‌ركـی مه‌یخانـه كامـه؟
پێكه‌وه جامی پـڕ كـه‌ین، بـا هـه‌ر بڵـێن حه‌رامـه



كتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## زرێبار

لە پەڕ شاری مەریوان
دوو چین کێوی سەوز و جوان
راوەستاون بەرانبەر
بەرز و دارستان لە سەر
لە داوێن ئەو کێوانا
لە ژێر تاقی ئاسمانا
گۆمێکی جوان وەستاوە
کە «زرێبار»ی ناوە
کێوان سەوز و دڵنشین
ئاسمان و ئاو هەر دوو شین
زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێو دارستان قەراخ
باڵندەکان شاخ بە شاخ
کۆ دەبن و یەک دەگرن
ئاسمانی سەر ئاو دەبڕن
لە ژێر تیشکی هەتاوا
لە سەر ئاوێنەی ئاوا
وێنەی خۆیان دەبینن
مەست دەبن و ئەخوێنن:
زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری

شنەی بەیانی بەهار
ئەدا لە سەر زرێبار
کاتێ کە بووکی هەتاو
تیشکی ئەخاتە سەر ئاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێنەی کراسی کیژی کورد
کە شەماڵ لێیدا ورد ورد
شەپۆلی جوان و زێڕین
دەڕژێتە سەر ئاوی شین
بەرەو چیمەن و گوڵزار
رێ دەکەون بۆ لێوار
بەرانبەر بووکی هەتاو
کیژی زێڕینی هەتاو
لەو کاتی بەربەیانە
شادی و سەمایانە
ئەڵێن شەپۆلی قەراخ
دەنگیان ئەڕوا شاخ بە شاخ:
زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خوداتان لە گەڵ

کەوتووەتە بەرم ڕێگای غەریبی
گەلی ڕەفیقان! خوداتان لەگەڵ
هەر کەس ڕێگایێ بووەتە نەسیبی
گەلی ڕەفیقان!خوداتان لە گەڵ
کۆترانی زۆر لە شوێنی دانە
هێشتوویانە جێ کونجی هێلانە
زۆر کەسێ ڕۆیشت پاشان بێتەوە
بەڵام نەیدی کەس بگەڕێتەوە
کێ چاک دەزانێ چی دەکا گەردوون
یەکێ سەرکەوتوو، یەکێ سەرنگوون
دڵی گرتووم خەم وەکوو دووکەڵ
گەلی ڕەفیقان!خوداتان لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ملوانکەی شین

١

نیوەڕۆی گەرمی ڕۆژێکی بەهار
لە ژێر هەتاوی ڕێگای زرێبار
منداڵێ مل کز، چۆخە و ڕانک شڕ
ڕێگا دەپێوێ پەشێو و دڵ پڕ
بێ وچان ئەڕوا و هەنگاو هەڵدەگرێ
بە گوێی چۆخەکەی ئارەقی دەسڕێ
نەختێ نانە ڕەق لە توێی جامانە
بوونەتە تۆشووی ئەو بەستەزمانە
بۆ تێکۆشانی ڕۆژێ ماسی ڕاو
نەختێ شریت و تۆڕێ پورتوکاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــه گــەڵ قولاپــێ كــۆن و ژەنــگ هێنــاو
هێناويـــه ئەمـــڕۆش بيانخاتـــه ئـــاو
ئــەڕوات و جــار جــار لــه چۆڵــی ڕێــدا
ئەزرنگێتـــەوە دەنگـــێ لـــه گوێيـــدا:
(هيـــوا خێراكـــه، خـــوا نـــەتهێنێتۆ
حـــەو ڕۆژە ئــەڕۆی دەسخاڵــی دێيتــۆ
ئــەمجار بــێ ماســی نەيتــەوە بــۆ شــار
ئــەر بــۆت نــەگيرا، خــۆت خــه زرێبــار)

ئـــەڕوات و الـــه نێـــو دڕك و داڵـــی ڕێ
كڵـــاش كـــۆنی تاوتـــاو، ئـــەكنرێ لـــه پـــێ
بــێ وچــان ئــەڕوا و هــەنگاو هەڵــدەگرێ
بــه گــوێی چۆخەكــەی ئــارەقی دەســڕێ
جـــــارێ بـــــۆ لاڕێ ورد ئەبێتـــــەوە
ملوانكەيـــــەكی شـــــين ئەدۆزێتـــــەوە
بـــه چـــاكی چۆخـــەی خـــاكی لائـــەبا
ئــەڕوات و جــار جــار ســەرنجی ئــەدا



كتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

بێ وچان ئەڕوا و هەنگاو هەڵدەگرێ
بە گوێی چۆخەکەی ئارەقی دەسڕێ

٢

کاتێ ئەگاتە ئاوی زرێبار
دێتە گوێ دەنگی شەپۆل و لێوار
دوو فرمێسکی داخ دێنە گوێی چاوی
سووکێ ئەشۆرێن گۆنای سووتاوی
ئەڵێ: «زرێبار! چەن پاڕێمەوە؟!
لەم لێوارانەت بسووڕێمەوە؟!
حەو رۆژ ئەم تۆڕەم هێنا و بردم
ماسیت پێنەدام مەیۆست کردم
باوەژنیشم کوتوویە ئەمجار
ئەر ماسیت نەگرت خۆت خە زرێبار
بەڵکوو نەختێ زوو بگەڕێمەوە
ملوانکەی شینم دۆزیوەتەوە
دەیبەمەوە بۆ خوشکم ئێوارە
ئاخر لە هاوماڵ سەری لە خوارە
زرێبار! من و خوشکم هەژارین
دایکمان نەماوە، باوەژن دارین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوشکم هەر خەریک فرمانە بۆ ئەو
وچانی نییە بەیان تاکوو شەو
هەرچی دەیبینم چاوی پڕ ئاوە
لە بەر سەرماوە دەستی تەزاوە
شەوان کە ماندوو دێینەوە بۆ ماڵ
کارمان گریانە و بیستن قسەی تاڵ
بەیان ناهێڵێ خۆر سەر دەربێرێ
هەر یەکمان بەرەو شوێنێ ئەنێرێ
خوشکی هەژارم دەس ئەکا بە کار
منیش بۆ راوە ماسی دێم بۆ زرێبار
خێرا کە توخوا با بڕۆمەوە
با ئەم ملوانکەی زوو بۆ بەمەوە
گیرفانم کونە نەک وا داکەوێ
با لە دەستم بێ هەتاکوو شەوێ

٣

ئەمڕۆش بە وێنەی رۆژانی پێشوو
دێت و شریتی ئەخا هاتوچوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هــــەتا ڕۆژ ئـــەگا داوێـــن خۆرئـــاوا
ســێبەری کێـــوان دێنـــە ســـەر ئـــاوا
هیـــوا هـــەر پەنجـــەی لـــێ هەڵـــپێکاوە
چـــاوەڕێی تـــۆڕ و دەریـــا وەســـتاوە

٤

تـاریکی شـەو هـات ڕەنـگ ئـاوی گـۆڕی
هێشـــتا ماســـییەک نەکـــەوتووە تـــۆڕی
وتـــەی بـــاوەژن لـــەو نیـــوە شـــەوە
هــەر وەهـــا لــە گوێیــدا دەنــگ ئەداتــەوە
(هیـــوا خێراکـــە، خـــوا نـــەتهێنێتۆ
حــەو ڕۆژە ئــەڕۆی دەسخاڵــی دێیتــۆ
ئــەمجار بــێ ماســی نەیتــەوە بــۆ شــار
ئــەر بــۆت نــەگیرا، خــۆت خــە زرێبــار)

زرێبــار تاریــک، شــەو ســەرد و دڵــتەنگ
هیــوا کــش و مــات وەســتاوە بێــدەنگ
وتـــەی بـــاوەژن لـــەو نیـــوە شـــەوە
هــەر وەهـــا لــە گــوێی دەنــگ ئەداتــەوە

## ٥

بەیان زرێبار تەمی گرتبوو
باران دوێنێ شەو لێڵی کردبوو
پەڵەی هەوری رەش بە ئاسمانەوە
لە سەر ئاوی لێڵ ئەسووڕانەوە
کاتێ چەخماخە لێی ئەدا تاو تاو
لاشەی منداڵێ کەوتبووە سەر ئاو
ملوانکەیێ شین لە نێو دەسیایە
بۆ کێو ئەڕوانێ ئەڵێ هیوایە
نێو ئەو شەپۆلەی دەور و بەریایە
دوو بەچکە ماسی کەوتبوونە کایە

کاتێ کە نم نم باران هاتە خوار
ئەڕژا سەر سینگی سەردی زرێبار
سووکێ کەوتە رێ، شەپۆلێ خەمبار
تا لاشەی هیوای هێنا بۆ لێوار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ملوانکەیش هەر وا لە چنگیا مابوو
هێشتاکوو لە دەس بەری نەدابوو
زرێبار ئەیکوت: زۆری کۆشابوو
بەستەزمان ماسی بۆ نەگیرابوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شوان

مامە شوانی دەربەدەر
کوردی فەرەنجی لەبەر
خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە
نە خورەی ئاوی کانی
نە باخ و نەغمەکانی
نە دیمەنی بەهاران
نە باڵندەی کۆساران
ماوێکە مەستم ناکەن
پاراوی هەستم ناکەن
دڵتەنگم زۆر خەمینم
پەشێوی کۆچی ژینم
منداڵی بە خەمباری
لاوی بە چاوەنواڕی
مانگ و ساڵی ژیانم
کەی هات و چوو؟ نازانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامە شەوانی دەربەدەر
کوردی فەرەنجی لە بەر
خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە
ساتێ لە بەر شاڵەکەت
دەربێنە شمشاڵەکەت
لە سێبەری ئەو دارە
بڕوانە ئەو جۆبارە
بە سۆزی جەرگی بریان
بلوێرت بێنە گریان
باخی ئەم دڵە تەنگە
پاراو کە بەو ئاهەنگە
ئاهەنگی بە جێ هێشتن
نەغمەی کۆچ و ڕۆیشتن
باکوو بە نەزمی حەیران
فرمێسکم بێنە سەیران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نیگاری

شــنەی بــەر بــەیان دیمــەن بــە دیمــەن
باوەشــێن ئــەکا ئەگریجــەی چیمــەن
کیـــژی خۆرەتـــاو چـــاوی هەڵـــدێنێ
دێـــت و گوڵـــی شـــەو هەڵـــدەوەرێنێ
ئەوەســـتێ لــە ســەر دیــواری ئاســۆ
بــۆ ســەیری دەشــت و ســەوزی کــەژ و کــۆ
ئەســـتێرەکانیش وەک ماســی نێــو ئــاو
لــە دەریــای شــینا ون دەبــن لــە چــاو
چیمــەنی ســـەوزی ژێــر پێـــی مــراوی
فرمێســکی شــەونم، دەتکــێ لــە چــاوی
گــەلێ ئاســکی جــوان لــە خــەو هەڵدەســتن
دێنــە ســەر کــانی، کــۆڕێ دەبەســتن
لاولاوی رەنگـــین، دەس لـــە مـــلانی دار
پێدەکـــەنێ بـــۆ گوڵـــی بـــێ دڵـــدار
پەلـــەوەر دەنگـــی بـــەرز ئەکاتـــەوە
لـــە چۆڵـــی باخـــا دەنـــگ ئەداتـــەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوی چۆم ئەڕوا و گەڵای زەردی پار
دەسپێرێ بە دەس رێبواری رووبار
پەپوولەی نەخشین لەو سەر جۆبارە
بۆنی گوڵ دەکا هەتا ئێوارە
پەرژینی دەوری باخی گرتووە
باڵندە لانەی تێدا بەستووە
خۆر بە جێدێڵێ داوێنی کوێستان
دێتە سەربانی باخ و دارستان
بەفراو بە وێنەی فرمێسکی دڵدار
خوڕخوڕ بە گۆنای کێوا دێتە خوار
بولبول نەغمە خوێن، ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ
پێدەکەنێ بۆی غونچەی ئاڵی گوڵ
ئاوی سافی گۆم، ئەڵێی نیگارە
وێنەی سروشتی تێدا دیارە
کەوێ دێ لە سەر چیمەنی کۆسار
بە دەندووکی سوور ئەنووسێ: بەهار
ئەی بەهاری من تۆ کەی دێیتەوە؟!
ئەی بەهاری من تۆ کەی دێیتەوە؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چوارینە

شەوی تاریکە لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێکا
ژیانی من وەکوو ئەمشەو وەهایە
بەرەو هەر لا دەچم بەسراوە ڕێگا

گوڵی سەر بەرزی لاولاو کورتە ژینی
دەمێکە سەیری باخ و پێکەنینی
بە ناکامی سەری دانا کە بمرێ
هەتاکوو ڕەنگی ئەم دنیایەی بینی

گەڵاڕێزان گوڵی باخانی دا با
بەهارێ دیکە دێ ئەم باخە لابا
هەناسەی باخەوانی پیرە دەیکوت:
هەزاران خۆزگە ژینی من وەها با



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵم تەنگە پەرێشانم دەمێکە
خەیاڵم هەر دەمێ لانەی خەمێکە
ئەوەندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم
کە فرمێسک و هەناسە مەرهەمێکە

چلەی زستانی کوێستانە و کچی کێو
دەپۆشێ بەژن و باڵاکەی بە چاشێو
من ئەیزانم چ سێحرێکە ئەگەر بێ و
لە درزی پەردەوە دەرخا بزەی لێو

ژیانی لاویم وێنەی گوڵێ بوو
کە هاتە باخی ژین و هەڵوەری زوو
وەکوو لاولاوی ناکامی بەهاران
خەمێکی نایە داوێنی دڵ و چوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چیمەنی نـەورۆزی ئەمسالـی سـنە خوێناوییـە
دەشت و کێوانی لە خوێنی لاوەکان نەخشـاوییە
سێسەد و پەنجاوحەوتە، سالی دیـن و راپـەڕین
کـوردی ئـازادە بـەرەپیری لـە شـۆڕش باویـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تابووتی سوور

هەستە ئەی لاوی سنە! هیـوات ئەگـەر سـەرکەوتنە
کورد ئـەبێ ئـازادە بـێ، هەسـتە چ بـاکی مردنـە؟
رەنگی خوێن چاوت نەترسێنێ و خۆت نەگریتە دوور
هەستە تێکۆشین و دیسان خەینە رێ تابووتی سوور
دڵ بڵێسەی دێ لە شوێنی لاوەکان، وێنـەی تـەنوور
هەستە بخرۆشین و دیسان خەینە رێ تابووتی سوور
خـوێنی بـێ تـاوانی لاوانم لـە بـیر ناچێتـەوە
یەک گرین، بـۆ گـرتنی مـافی ئـەوان کـۆ بینـەوە
هەستە باکوو یەک گرین تا ئەوجی سەرکەوتن بڕۆین
دەنگی گوللـە گـەر بهێڵـێ بـەو پۆلیسـانە بڵـێین:
هەڵگەڕێنەو ئـەو چەکـە، تـۆ دوژمنـت ون گـردووە
دوژمن ئەو خوێنخوارەیە مافی مـن و تـۆی بـردووە

# خاک و خۆر

## ١

ئێوارەیە و دنیا جوان
لە سووچی تاقی ئاسمان
کیژی زێڕینی هەتاو
خۆی شاردەوە لە بەرچاو
لە سەر سینگی شاخ و هەرد
کۆی کردەوە زولفی زەرد
تاکوو بەیان بە سەرخۆ
لە تەختی سووری ئاسۆ
دیسان بخاتە سەر شان
زولفی زەرد و پەرێشان
دارستان مات و خەمبار
لە شوێنی کیژی دڵدار
پەژارەی تاریک و ڕەش
شەوگاری گرتە باوەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هیوای ژوانێکی تر
خۆپیشاندانێکی تر
سەری نا داوێنی شەو
خەمی شاردەوە بە خەو
تاکوو بەیانی نم نم
فرمێسکی ساردی شەونم
بۆ ئەوینی خاوێنی
ئەڕژێنێتە داوێنی

٢

مانگە شەو چاو هەڵدێنێ
روخساری خۆی بنوێنێ
بە جوانی دەشنێتەوە
جێگای خۆر بگرێتەوە
خونچە سەری دەربێنێ
باڵندە بجریوێنێ
بەڵام هەرگیز ناتوانێ
تەنیا ئەمە بزانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوان ئەو دڵدارانە

خاک و ئەو خۆرە جوانە

بە راسی هەر رۆژێ دێ

کە دڵداری تەواو بێ

هەر وەها دەشنێتەوە

جێگای خۆر بگرێتەوە

خۆرەتاو چاو هەڵدێنێ

دێت و دڵی ئەشکێنێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گزنگـــــی خــــــۆری ئێـــــواران کشـــــاوە
تـــــەمی ماتـــــەم بـــــە ســـــەر شـــــارا کشـــــاوە

دڵـــــی لـــــەرزیـــــوە شـــــاری پـــــڕ پـــــەژارە
هـــــەواڵـــــی مـــــەرگـــــی مامۆســـــتا هـــــەژارە

لـــــە ســـــەر قـــــەبرانـــــەوە خـــــەڵـــــکی گـــــەڕاوە
کچـــــێ رەشپۆشـــــە هـــــەر لـــــەو شـــــوێنە مـــــاوە

دەخوێنـــــێ شـــــێعری پـــــڕ ســـــۆزی بـــــەســـــەرهـــــات
دەمـــــێ دەگـــــری، دەمـــــێ هـــــەرواکـــــش و مـــــات

شـــــەمـــــی دانـــــا لـــــە ســـــەر هـــــەر ســـــێ مـــــەزارا
گوڵـــــی بارانـــــدە ســـــەر گڵـــــکۆی هـــــەژارا

لـــــە ســـــەر بـــــەردی مـــــەزاری شـــــاعیرانا
گوڵـــــی ســـــوور و ســـــەری ئاڵـــــۆزی دانـــــا

کــچ و شــەم بــەو شــەوە گــەرمــی گــرینن
لــە کــۆڕی شــاعیرانەی گــەرمــە شــینن

لــە بــەر شــەوقــی شــەمــا تــا لای بــەیــانی
وەکــوو ئــەســتێرەیــە فرمێســکەکــانی

دەخوێنــێ شــێعری پــڕ ســۆزی بــەســەرهــات
دەمــێ دەگــری، دەمــێ هــەرواکــش و مــات

کچــی خــەمبــاری ســەر قــەبــرانی خــامۆش
فریشــتەی چــاو بــە فرمێســکی ســیاپۆش

بــە شــیوەن ئــاگرت بــەردا لــە گیــانم
دەزانم، تــــۆ پــــەری شــــێعری، دەزانم

پــەری شــێعری کــەوا دەگــری شــەوانــە
بــە جــێ ناهێڵــی کــۆڕی شــاعیرانە

چ شــێعرێ مــەرهــەمــی جــەرگــی بــەخوێنــە؟
وەکــوو ناڵــەی جــودایی دڵــتەزێنــە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فریشته، عەتری شێعری تازە بێنە
بە سەر خاکی هەژارا بیپژێنە

بڵێ هێمن! بەسە ناڵەی جودایی
هەژاریش هاتەوە بۆ لای خەزایی

لە بەر شەوقی شەما تا لای بەیانی
وەکوو ئەستێرەیە فرمێسکەکانی

گەلێ گریا پەری شێعر و لە ناکاو
لە گەڵ هەوری رەشا ون بوو لە بەرچاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەڕی شێعر

هـــەمـــوو شـــەوێ لـــە ئاسمـــان
لـــە عـــەرشـــی بـــەرز و دوورەوە
بـــە بـــاوەشـــێ گوڵـــی گـــەش و
خـــــەیاڵـــــی بـــێســــــنوورەوە

لـــە شـــــوێنی هـــــەورەکانـــەوە
پـــــەری شـــــێعر بـــــەڕێـــــوەیـــــە
کـــە هـــەر گوڵـــێکی دەســـتی وی
پـــــەپوولەیـــــەکی پێوەیـــــە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەواڵە خۆشەویستەکەم!
فریشتەکەم! دەچیتە کوێ؟
لە مێژە نایەتە ژوانی دڵ
بە سۆزی گەرمی شێعری نوێ

مەترسە مەیژە کوندەبۆ
مەلی ئەوینی سەربڕی
مەڵێ کە کۆتری شێعر
لە شاری ئێمە هەڵفڕی

لە نێو شەپۆلی مانگە شەو
گەڕامە شوێنی تۆ، پەری!
بەجێم مەهێڵە، سا مەچۆ
دە بەسیە مەمکە بێ بەری

کە تۆ لە ماڵە چۆڵەکەم
پەڕیوە بووی و نایەوە
شەمی هەزار و یەک شێعر
لە سووچی دڵ کوژایەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڵای نەمامی شێعری من
کە دانە دانە هەڵوەری
بە چەشنی هەوری کۆچەری
نەبوویە سێبەری، پەری!

لە ترسی چاوی کوندەبۆ
مەچۆ، دە خۆت مەشارەوە
بەرەو هەواری دڵ وەرە
بە دەستی پڕ هەسارەوە

بە سۆزی شێعری تازەوە
بە گوڵوشەی ئەوینەوە
بە شەونمی گرینەوە
بە شێعری ئاگرینەوە

دەڵێن دڵی پەری شێعر
بە چەشنی ئاوی کانییە
شنەی بەیان و بۆنی گوڵ
هەناسە جوانەکانییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمی لە شەوق و پێکەنین
دەمێ لە شین و زارییە
هەڵاڵەکانی بەندەنی
بەهاری کوردەوارییە

لە نێو شەپۆلی مانگەشەو
گەڕامە شوێنی تۆ ، پەری!
بەجێم مەهێڵە ، سا مەچۆ
دە بەسیە ، مەمکە بێ بەری

دەمێ دەبیتە سوورە گوڵ
بە دەستی باخەوانەوە
شەپۆلی دەنگی بولبولێ
لە کووچە باخەکانەوە

دەبێ بە شێعری ماتەمێ
لە بەردی سەر مەزارەوە
دڵۆپی گەرمی حەسرەتێ
لە چاوێ دێتە خوارەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبـــێ بـــە ســـۆزی نەغمـــەیێ
لـــە ســـینگی ســـازێ دێتـــە دەر
دەبێتـــە بەســـتە بـــۆ خـــەم و
خەیاڵـــەکانی رێـــی ســـەفەر

لـــە ترســـی چـــاوی کونـــدەبۆ
مـــەچۆ ، دە خـــۆت مەشـــارەوە
بـــــەرەو هـــــەواری دڵ وەرە
بـــە دەســـتی پـــڕ هەســـارەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سازی ئاوارە

وەرە ئەی سازی ئاوارە بە هانای سۆزی گریـــانم
دڵم بەستەی دەویَ ئەمڕۆ بە جیَ دیَڵم موکریـــانم
وەکوو هەنگاوەکانیشم دەلـــەرزێوە دڵ و دەنگـــم
دەبا وێنەی منی کۆچەر بناڵـــیَ ســـازی دڵـــتەنگم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆچ

کۆچی کوردان وا بــە کــاروان دێ لــە ڕێــی شــارانەوە
ڕۆژ بە باری قورس و برسی، شەو لــە بــەر بارانــەوە
نیشــتمانی خۆمــە دەیپێــوم، پــێم دەڵــێن ئاوارەیــە
گەرچی بێ ڕەشماڵ و پێخواس، سەر بە کۆســارانەوە
ڕێگە دوور و خــێڵ، مانــدوو و لێوبــەبار و پــێپــەتی
چاو بــە ئەســرین دێنــە پــیری کۆچەکــەی یارانــەوە
نایە سۆزی دەنگی گۆرانی، هــەوارە و کــۆچی ســوور
کــــاروان گـــوێی داوە بــــە ناڵـــەی بریندارانــــەوە
بۆ منالێ تەرمی دایکی خــۆی بــە جــێ دێڵــێ و ئــەچێ
ئاسمان دەگــری، مــەلان دەگــرین بــە ســەر دارانــەوە
دەنگی تۆپ و تیری دوژمــن دێ لــە شــوێنی کۆچــەوە
جــێ هــەواران وا بــە دەســتی ســووری زۆردارانــەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕوونکردنەوە:

- دوو شێعری «شینی مامۆستا هەژار» و «پەری شێعر» لە سروەوە وەرگیراون و لە کتێبی «ملوانکەی شین»دا نین. دوو شێعری «سازی ئاوارە» و «کۆچ» لە کاسێتەکانی گۆرانیبێژی گەورەی کورد، عەدنان کەریم ـەوە وەرگیراون.
- دڵنیاین کە ئەمانە تەواوی شێعرەکانی «شەریف» نین، هیواداریین بتوانین بۆ چاپی داهاتوو، تەواوی شێعرەکانی چاپ بکەین.

**بە هیوای ئەو ڕۆژە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org